

د. محەمەد عارف

٤٤




# گۆڕەپانێکی فراوان

بێگومان هونەرو شارستانییەت، لە ئەنجامی خۆشەویستی و دەربڕینی داهێنەرانەو راستگۆیانەی هونەرمەندان و رۆشنبیرانی جیهانییەوە دروستدەبێ و زۆر وڵاتانی ئەم زەمینە، لەم بوارە بەرزو پیرۆزەدا، زۆر یان کەم، بەشدارییان کردووەو کوردستانی ئازیزمانیش کە مێژوونووسان و رۆژهەڵاتناسان نازناوی (بێشکەی مرۆڤایەتی) یان داوەتێ بەشداری هەرە دێرینی کردووە، کە مێژوویان دەگەڕێتەوە نزیکەی سەد هەزار ساڵ لەمەوپێش ( بۆ نموون ئاسارەکانی ئەشکەوتی شانەدەری نزیک رەواندز).

هونەرمەند زۆربەی بەرهەمەکانی لە کانی لە بننەهاتووی میللەت و نیشتمان هەڵدەهێنجێ، بەڵام لەڕوانگەی ئەوەی کە هونەرو شارستانییەت لەهەر قوژبنێکی ئەم جیهانە فراوانەدا، ماف و بەشی هەر مرۆڤێکە، هونەرمەندی رۆشنبیرو داهێنەر دەتوانێ زیرەکانە سوودی لێوەربگرێ و ببێتە کانی سرووش وەرگرتن، بۆ نموونە ئەم بەرهەمە ناسک و گرافیکەی هونەرمەندی هاودەمی (ئەستۆنی)(لۆختین)، کە پاش گەڕانەوەی بیست و چوار سەدەو خوێندنەوەی بۆ (ئەلیازەی نەمری هۆمیرۆسی یۆنانی) ئەم تابلۆیەی دروستکردووە.




لۆختین بۆ ئەلیازەی هۆنیرۆس ١٩٦٠

# مۆزەخانەی لۆڤەر..

## مێژوویەک کە ژیانپەرستی وڵاتێک دەگێڕێتەوە

پاریس: شێرزاد عەبدولڕەحمان



مۆزەخانەی(لۆڤەر) لە پاریس، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی پایتەخت، بێجگە لەوەی کەبووە بە مەڵبەندێکی مێژوویی، سەرگوزشتەی وڵاتێک دەگێڕێتەوە کە بەدرێژایی مێژووی خۆی ژیان پەرست بووە و لە پێناو ئەشق و ژیان و خۆشەویستی قوربانی زۆری داوە و بەرهەمی ئەو قوربانیدانەی لە مۆزەخانەی"لۆڤەر" تۆمارکردووە کە هێمای کەلتووره گەورەکەیەتی و مرۆڤ دووچاری سەرسوڕمان دەکات و ئەگەر هەفتەیەک لەناو مۆزەخانەکە بگەڕێی چاوت لە بینینی جوانییەکان تێرنابێ و ئەمڕۆ بووە بەبەشێکی زیندوو لە کەلتووری فەرەنسییەکان کە بەقەدبوونی خۆیان شانازیی پێوە دەکەن. بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم مۆزەخانە مێژووییە لەوەوە چەکەرەی کرد کە لەسەردەمی فەرەنسوای یەکەم، بیر لەوە کرایەوە کە تابلۆ هونەرییەکان بپارێزرێت کە ئەوکاتە تەنیا دوانزە تابلۆی بەنرخ بوون، لەوانەش تابلۆ پڕ بایەخەکانی داڤنشی و روفایل و مەزنترین تابلۆش کە هەرایەکی گەورەی نایەوە، تابلۆی "مۆنالیزا" بوو، ئەو تابلۆ بەنرخەی کە فەرەنسییەکان زۆر شانازیی پێوە دەکەن و بەگەنجینەی وڵاتەکەی خۆیان ئەم تابلۆیە ناوزەد دەکەن و مایەی ئەوپەڕی شانازیی وڵاتەکەیانە... دیارە، تابلۆ بەنرخەکان، جگە لە مۆنالیزا، رۆژ بە رۆژ لەزیادبوون بوون، تەنانەت لەسەردەمی لویسی سێیەم، گەیشتە پتر لە دووسەد تابلۆ کە شاکاری گەورەترین هونەرمەندان بوون و لە نرخ بەدەهاتن، بەڵام کاتێک لویسی چوارەم مرد، تابلۆکانی ئەم مۆزەخانەیە گەیشتە ٢٥٠٠ تابلۆ، پاشان لویسی شانزەهەم، بڕیاریدا کە ئەم سەنتەرە بکات بە مۆزەخانەیەکی گەورەی نیشتیمانی، ئەوە بوو ئەم کۆشکە لەسەردەمی لویس کرا بە مۆزەخانەیەکی گەورەی نیشتیمانی کاتێک مۆزەخانەی کۆماری لە ١٧٩٣ کردەوە... دیارە زۆر لە تابلۆکان دەفرۆشران، لەوانەش تابلۆی" فینۆس دومیلو" نرخەکەی گەیشتە ٦٠٠٠فرەنک کاتێک کە لە دوورگەی (میللوس) دۆزرایەوە و لە ساڵی ١٨٤٨ بڕیاردرا کە ئەم مۆزەخانەیە بکرێت بە موڵکی دەوڵەت و بودجەیەکی زۆر خەیاڵی بۆ دانرا بۆ کڕین و دۆزینەوەی تابلۆ بەنرخەکان و ئەمڕۆ ژمارەی ئەو تابلۆ گرنگانە گەیشتۆتە ٣٠٠ هەزار تابلۆ کە چیرۆکی هونەر



بەدرێژایی مێژوو بۆ ئەم نەوەیە و نەوەکانی دیکە تۆمار دەکات. شوێنی ستراتیژیی ئەم مۆزەخانە گرنگە، کە دەکەوێتە سەر دەریای(سین) جۆرە جوانییەکی تایبەتی بە مۆزەخانەکە داوە..لۆڤەر، بەدرێژایی مێژوو، نەک هەر مۆزەخانە بووە، بەڵکو گەورەترین سەنتەری کەرنەڤاڵە هونەرییەکانە، پانتایی ساڵەکانی نیشاندان لە لۆڤەر دەگاتە شەست هەزار مەتری دووجا و جگە لە نیشاندانی هەزاران تابلۆ، بایەخی خۆی هەیە لە نیشاندانی دەیان پارچە لە کەلتووری فەرەنسییەکان کە راستی ئەوە دەردەخات ئەم میللەتە چەندە ئاشقی ژیانن و تا ئەمڕۆش لەو خولیایەی بۆ هونەر و جوانی ناکەون.





## دراماکانی ڕەمەزان

### بەشی چوارەم وکۆتایی

# ئارەزوو . . .پرسی کۆمەڵگە یا پرسی ژن؟

**حەمەسوار عەزیز**
**Hamaswar69@yahoo.com**

ڕەنگە لەڕووی ریتم وئیقاعەوە درامای ئارەزوو باشترین دراما نمایشکراوەکانی ڕەمەزانی رابردوو بێت،ئەویش بەهۆی چۆنایەتی وچەندایەتی ئەو هەموو کردارو ڕووداوانەی کە لەنێو دراماکە ئەکتیڤ کرابوون وپانتاییەکی کردارئامێزیان بەدراماکە بەخشیبوو،لە هەمانکات مۆنتاژو بڕینی وێنەکانیش ڕۆڵی کاریگەری لە دروستکردنی ریتمی ئەو درامایە هەبوو،بەشێوەیەک دەرهێنەر کاری بۆ ئەوەکردبوو ریتمێکی خێرا دروستبکات وتەوژمی ڕووداوەکان بینەر دەستەمۆ بکەن وبەهیچ شێوەیەک دەرفەت بەوە نەدەن بێزاری ومەلەلی لادروستبێت،ڕووداوەکانیش بەو شێوەیە سادە نەکاتەوە کە بینەر سەیری ئەلقەی ئەمڕۆ بکات، بەڵام بزانی بەیانی و دوو بەیانی ڕووداوەکان بەرەو کوێ دەچن وچی ڕوودەدەن،کە ئەمەیان خاسیەتێکی زۆر گرنگە وپێویستە دراماسازانی کورد بەباشی کاری لەسەر بکەن،بەڵام ئەگەر سەیری لۆکەیشنی دراماکەو جوگرافیای ڕووداوەکان بکەین، دەبینین کارکردن لەسەر ئەو لۆکەیشنە ئەزموونێکی تازە نییە لای هونەرمەندانی کورد و ڕەنگە ئەم لۆکەیشنەش یەکێک لە دەستەمۆترینی ئەو لۆکەیشنانە بێت کە بەڕاستی دەرهێنەرو سیناریستی کورد پێی دەوێرێت و دەتوانێت زۆرترین ئیشی لەسەر بکات، هۆیەکەشی بەلای منەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمەی کوڕانی شار لە ناخمدا نەمانتوانیوە ئەو کوڕە گوندییە تەجاوز بکەین کە بەشێکی بنەڕەتی کەسایەتی هەریەکەمان دروستدەکات، یاخود دەتوانین ئەوە بڵێین سۆزو پەرۆشییەکی بێهوودەی گەڕانەوە بۆ دوێنێی پڕ سادەیی و ڕاستگۆییمان هەمیشە بەشی شێری لە بیرکردنەوەو هزری هەریەکێکمان لە هەردوو حاڵەتی هەست و نەستدا بەردەکەوێت، تەنانەت کاتێک کە خەیاڵیش دەکەین، خەیاڵەکانمان مەحکومە بەو دونیایەی کە هەستدەکەین بە لەدەستدانی بەشێکی گرنگی کارەکتەری خۆمان لەدەستداوە، بۆیە کە دەکەوینە نێو ئەو کەش ولۆکەیشنە دەتوانین بجولێین وخۆمان بدۆزینەوە وبەدوای دۆزینەوەی هەموو ئەو کارەکتەرانە بگەڕێین کە ئەمڕۆ لەنێو قەڵەبالغی وجەنجاڵی شارو بیرکردنەوە مەحکومەکانی دونیای عەولەمە و مۆدێرن ونمانکردووە، هەربۆیەش تا ئەمڕۆش لەگەڵ ئەوەی زۆرینەمان خۆمان بە تاکە زۆر پێشکەوتنخواز ومۆدێرنەکان دەزانین، کەچی ئەم لۆکەیشنە نزیکترین لۆکەیشنە لە سایکۆلۆژیەتی ئێمەی بینەرو هەستدەکەین ئەم جیهانەی کە نمایشدەکرێت ئەگەرچی لە خەیاڵی سیناریست و دەرهێنەرێک زیاتر نییە، بەڵام بەشێکە لە بنیادی کەسایەتی هەرکەسێکمان وپێمان نامۆ نییە.

خاڵێکی دی کە پێمباشە ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە ڕەنگە زۆرجار کە دەرهێنەرێک دەچێتە نێو ئەو فەزایە مەحکوم دەبێت بە کۆمەڵێک تەڵبەند کە ڕەنگە نەتوانێت خۆی لێیان دەربازبکات ولەسەر ئەو کردارە تەقلیدیانە باز بدات کەڕەنگە لە فەزایەکی لەو شێوە خۆیان فەرزبکەن، بۆیە زۆرجار دووبارەبوونەوە لە تەرحکردن وفۆرمی دروستکردنی ئەم شێوازە درامایە دروستدەبێت و بینەر کە درامایەکی لەو شێوەیە دەبینێت، بەبێئاگایی دەگەڕێتەوە نێو فەزای کۆمەڵێک درامای جیاواز لە بابەت وهاوبەش لە لۆکەیشن ،بەراوردکردنی خاڵە کۆک وناکۆکەکانی ئەو درامایانە دەبێتە بەشێک لە ستایلی چێژوەرگرتنی بینەر لەو دراما تازەیە، بۆیە خۆم بەهەڵە نابەم کە دەڵێم کاتێ سەیری ئەڵقەکانی ئەو درامایەم دەکرد، بەبێ ویستی خۆم گەڕامەوە نێو فەزاو ڕووداوەکانی درامای (ژاڵە) کە زیاتر لەبیست ویەک ساڵ بەسەرنمایشکردنی تێپەڕیوە، بۆیە کە بەگ وئاغایەک دەبینم جوامێر ئاغام بیردەکەوێتەوە، کە مامۆستایەک دەبینم ، لام دەبێتە مامۆستا هێمن وکە کچێکی عاشق دەبینم لام دەبێتە گوڵاڵە، ئا بەم شێوەیە ناتوانم خۆم لەو هەستە دەربازبکەم، بۆیە لام ئاساییە ئەگەر بڵێم درامای ئارەزوو بەجیاوازی بابەت وفەلسەفە تەرحکراوەکەی، بەشێک لە فەزای درامای ژاڵەی لە هەناویدا هەڵگرتووە، بەتایبەتیش لەڕووی کۆتایی دراماکە لێکچوونێکی زەق دەبینرا ئەگەرچی دەرهێنەر بە گۆڕینی شێوازی چارەسەر تا ڕادەیەکی زۆر کاری بۆ تێکشکاندنی ئەو لێکچوونە کرد.

ڕەنگە زۆرترین خاڵ لەو درامایە کە قسە هەڵدەگرێت وقسەی لەسەر کرابێت، زەمەنی ڕووداوەکان وکۆتایی دراماکە بوو، زۆینەمان پێمان وابوو کە ناڕوونییەک هەبوو لە زەمەنی حەقیقی ڕووداوەکان وئاماژەیەکی ڕوون بۆ ئەو سەردەمە بوونی نەبوو، ئەگەر هەشبووبێت کۆمەڵێک ئاماژەی تێکەڵاو بووە کە ڕەنگە ئاوێتەبوونیان کێشەیەک لەدیاریکردنی زەمەن دروستدەکات، کەمن پێموایە ئەمە یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم درامایە بووە کە سیناریست ودەرهێنەر بەئاگایی کاریان بۆکردووە، لەبەر ئەوەی هەوڵیانداوە کە کێشەی پیاوسالاری وزەوتکردنی مافەکانی ژن بە ڕەگێکی مێژوویی وبوونێکی هەنووکەیی گرێبدەن، بۆیە هەستدەکەین زەمەن ئەوەندەی دوێنێیە بەهەمان ئەندازەش ئەمڕۆیە، بەڵام ئەگەر بە وردی سەرنج لەو چیرۆکە بدەین هەستدەکەین نووسینەوەی ئەم چیرۆکە بۆ ئەو مەبەستە نەنووسراوەتەوە کە باس لە پیاو سالاری بکات و وەکو داکۆکیکەرێک بانگەشەی مافەکانی ژن بکات ، بەقەد ئەوەی چیرۆکێکە کلتووری میللەتێک دەگێڕێتەوە،

بەڵام سیناریست و دەرهێنەر زۆر هەوڵیانداوە کە چیرۆکەکە بکەنە کارێکی هاوچەرخ وبە کێشە گەرموگوڕەکانی ژن بیبەستنەوە بۆیە هاتوون زەمەنیان ونکردووە وکۆمەڵێک فۆرمی تازەشیان لەنێو دراماکە ئاخنیوە، بەڵام تاچەند ئەو درامایە وەکو هێڵێکی سەرەکی گوزارشتی لە کێشەکانی ژن کرد؟ من پێموایە مەزلومیەتی ژن نەیتوانی خۆبکات بە هێڵی بنەڕەتی ئەو درامایە، بەڵکو وەکو هێڵێکی لاوەکی مایەوە، هێڵی سەرەکی دراماکەش بریتیبوو لە ئاژاوەگێڕی و دووڕوویی وپیلان گێڕان، چونکە ژن لەو درامایە بەشی شێری لەو پیلانگێڕیە بەرکەوتبوو.

کۆتایی دراماکەش رەنگە زۆرینەی بینەران بەو کۆتاییە دڵخۆش نەبوون، لەبەر ئەوەی چەندین ساڵە بینەری ئێمە واڕاهاتووە کە دەبێت لە کۆتایی دراماکە هێزە خێرخوازەکان سەرکەون وپیاوخراپەکانیش چارەنووسیان یا بە کوشتن یا زیندانیکردن کۆتایی بێت، وەکو نەریتێکی ئەزەلی دەبێ کۆتایی هەموو کێشەو ململانێکان بەلای جەمسەری خێرەوە بشکێتەوە، لێرەدا دەرهێنەر زۆر زیرەکانە چارەسەری کۆتاییەکەی دروستکردووە، لەبەر ئەوەی بوونی کەسانی وەک عارف بە کوشتن چارەناکرێت وئەم بیرکردنەوە و کلتووره دەبێ بە خوێندەواری و چاوکرانەوە لەرێگەی هۆشیاربوونەوەی تاکەکان چارەبکرێت، کۆمەڵگە پێویستی بە گۆڕانە، بەڵام ناکرێت هێز و توندوتیژی فاکتەری ئەو گۆڕانە بێت و لەوێوە بەرەو دونیایەکی تازە هەنگاو بنێین، چونکە گومان لەوەدا نییە تەنانەت ئەوانەی عارفن و وەکو عارفیش بیردەکەنەوە، ئەوانیش دەرهاوێشتەی کۆمەڵێک بیرکردنەوە وکلتووری ناتەندروستن کە پێویستیان بە گۆڕانێکی بنەڕەتی هەیە لە رێی چارەسەرکردن وبنەبڕکردنی ئەو فاکتەرانەی کە دەبنە هۆکاری بەردەوامبوونی ئەو جۆرە کلتوورە، بێگومان ئەویش بە گۆڕانی عەقلییەتەکان وئاوێتەبوونی تاکەکان بە دونیای تازەو مەعریفەی تازەوە دەبێت.

نواندن لەدرامای ئارەزوو کۆمەڵێک کێشەو گرفتی هەبوو، یەکێک لەوانە دابەشکردنی کارەکتەرەکان بوو، بۆ نمونە (مامۆستا ئەحمەد سالار -کێخوا)، گومان لەوەدا نییە هیچ کەسێکمان ناتوانین نکۆڵی لە گەورەیی وداهێنانی ئەو سیمبولە مەزنەی شانۆی کوردی بکەین، ئەحمەد سالار وەک نووسەرو ئەکتەرو دەرهێنەر، رووێکی گەشی شانۆی کوردییە، بەڵام سەیر دەکەین لە درامایەکی وادا مامۆستا ناتوانێت ئەو کارەکتەرە بە شێوەیەکی داهێنەرانە ئەدا بکات، سەیر دەکەی پاش ئەو هەموو ئەزموونە زۆرەی بەردەم کامیرا، مامۆستا لەو درامایە بەشێوازێکی زۆر شانۆیی ئەدای رۆڵی کێخوا دەکات ولە زۆرینەی جوولەو گوزارشتەکانی موبالەغە وزیادەڕۆیی دەبێتە سیمای جیاکەرەوەی ئەدای مامۆستا سالار لەم درامایە، مامۆستا ئەرسەلان دەروێش خۆیشی وەک دەرهێنەرێک ئەداکردنی لە پشت کامیرا زۆر داهێنەرانە وموقنیعتر بوو، وەک ئەوەی لەبەردەم کامیرا وەک ئەکتەرێک دەرکەوت، زۆر بەڕاشکاوی من پەیوەندی باوک وکوڕم لەنێوان مامۆستا ئەحمەد وکێخوا نەبینی، زیاتر پەیوەندییەکەیان لە کێخواو راوێژکارێکی دانای کێخوا دەچوو، ئیحساس و هەستکردن بە کوڕو باوکایەتی بوونی نەبوو، لەبەرامبەر ئەوەدا زۆرینەی ئەکتەرەکانی دیکەی ئەو درامایە ئەدایان زۆر واقیعی وهاوسەنگ بوو بەتایبەتیش(یونس حەمەکاکە، نەرمین کاوانی، یاسین قادر بەرزنجی، ئاشنا رەووف،حەمەسەعید ئیبراهیم، کانیاو حەمە عەلی، کاردینا محەمەدو عومەر دڵپاک) ،بەشێوەیەکی تایبەت من زۆر سەرسام بووم بە ئەداکردنی خاتوو ئاشنا رەووف کە ئەگەرچی کارەکتەرەکەی میحوەری دراماکە نەبوو، بەڵام ئەو خاتوونە بە ئەدایەکی سادەو دوور لە زیادەڕۆیی زۆر بەشایستەیی ئەو کەسایەتییەی گەیاند، خاتوو نەرمین کاوانیش ئەوەی سەلماند کە ئەکتەرێکی زۆر بەتوانایە وجورئەتێکی لە رادەبەدەری هەیە کە دەتوانێت ئیحساسە بڤەو دژوارەکان بەبینەر بگەیەنێت، ئەو بەحەقیقەت ئیحساسی ژنێکی بەئێمە گەیاند کە پڕە لە پەرۆشی بۆ ژیان وچێژ وەرگرتن لە تەمەنی جوانی، کەچی لە نێو کلتوورێکی نەفرەتیدا بەزۆر کراوەتە هاوسەری کەسێکی کاڵفام کە ناتوانێت خواستەکانی ژنێکی سەرمەست بێنێتەدی.

رەنگە ئەو درامایە لەڕووی سیناریۆ و دەرهێنانەوە کۆمەڵێک خاڵی تێدابێت کە جێگەی سەرنج بوون، وەک گۆڕانی (مارف-ئاشتی عوسمان دانش) لە کەسێکی شەڕانگێزەوە بۆ کەسێکی سەدو هەشتا پلە پێچەوانە، رەنگە لێرەدا سینارێست و دەرهێنەر بەو دیدگایە کاریانکردبێت کەزۆر جار لە کۆمەڵگەی ئێمە کاری پێدەکرێت، باوکێک کوڕێکی لاساری هەبێت پێیدەڵێن ژنی بۆ بێنە چاک دەبێت، یا جەڵتەلێدانی کێخوا بە کوژرانی دایکی ئارەزوو، لە کاتێکدا بەکوژرانی کوڕەکەی خۆی ئەو جەڵتەیە لێینەدا، یا دەستەمۆبوون وگوێڕایەڵی کوڕەکەی مارف بۆ عارفی مامی لە کاتێکدا ئەو خوێندەوارەو عارف نەزانە، یا کارەکتەری زاهیر بۆ لەناوەڕاستی دراماکە دەردەکەوێت ولەسەرەتادا بوونی نییە.

رەنگە ئەم سەرنجە بچووکانە نمونەی کۆمەڵێک وردە سەرنجی دی بن لەسەر دراماکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت درامای ئارەزوو بە یەکێک لە باشترین دراماکانی ئەمساڵ ئەژماربکەین، ئەگەر باشترینیان نەبێت.

## رۆژگارێک



ئەم وێنەیە بۆ یەکەم جارە بڵاودەبێتەوە تیپی مۆسیقای سلێمانی لەگەڵ دروستبوونی لە کۆتایی ساڵانی شەستەکان تاکو ئێمرۆ هەر لە لوتکە بوونە سەرقافڵەچی تیپەکانی کوردستان بوون/ ئەم وێنەیە بەشێک لە ئەندامانی بە دیاردەکەون لەگەڵ کۆمەڵێک(کۆرس).

**بەغدا**

**١٩٧٧/٨/١٤**

**ئەرشیفی**

**جیهانبەخش کۆیی**



خانمە هونەرمەندی باکووری کوردستان سەمی بەن

# لەسەر ڕێچکەی ئایشەشان بەردەوام دەبم

ئا: بێرند

**لە سەرەتای دامەزراندنی تیپی مزگین بەشداریشکردووە**

سەمی بەن، وەکو خەجێ جەمیل، ئایسەل، مزگین، دەناسرێت، بەن لە سەرەتای دامەزراندنی تیپی مزگین بەشداریشکردووە. جگە لە موزیک بەن لەگەڵ کاری شانۆ خەریکبووە.

سەمی بەن، لەشاری دەرسیم لەدایکبووە. لەتەمەنی ٨ ساڵییەوە لەگەڵ خێزانەکەی ڕوویانکردۆتەوە ئەوروپاو لەوێدا گەورە بووە، خوێندنی لە ئەوروپا تەواوکردووە، لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا دەستی بەکاری چاندی کردووە، لە ١٨ ساڵیدا سەرقاڵی کاری هونەرییە، لەساڵی ١٩٩١ لەگەڵ هەڤاڵانی یلماز ئەسلان، دەستی بەخەباتی موزیک کردووە.

ژنی کورد زۆر پێشکەوتووە

بەن دیاریکرد بە بەراورد لەگەڵ ٢٠ ساڵی رابردوو ڕەوشی ژنی کورد زۆر پێشکەوتووە و ژنی کورد لە بوارەکانی هونەری، سیاسی، کۆمەڵایەتی خۆیان پێشخستووە. ئیتر ژنی کورد تەنها منداڵ بەخێو ناکەن، هەوڵدەدەن لەسەر پێیان بوەستن بۆ بنیادنانی ژیانێکی یەکسان، ژن لە هەموو بوارەکان بەرخودانێکی گەورە دەکات، بۆ ئاشتی و دیموکراسی تێدەکۆشن.

**لەبەرامبەر هەڵوێستی خانەوادەکان**

بەن ئەوەشی ئاشکراکرد لەنێو کوردان ژنی دەنگخۆش گەلێک زۆرن، بەڵام لەبەر هەڵوێستی خانەوادەکانیان خۆیان لەموزیک بەدوور دەگرن. بەن وتی: ژنی کورد لە مێژوودا شوێنی خۆی پاراستووە.

هونەرمەندی ژن وەکو ئایشەشان، مەریەم خان..تد، بۆ ژنان میراتێکی زۆریان بەجێهێشتووە. پێویستە سوود لەم میراتە دەوڵەمەندە وەربگیرێت.

سەمی بن زۆر حەزی لە دەنگی ئایشەشانە، بەردەوام گوێی لێدەگرێت، دەخوازێت بتوانێت لەسەر ڕێچکەی ئەو هونەرمەندە بەردەوامبێت.

بەن هەروەها گوتی: ئەگەر نەتەوەیەک نەبێت، هونەرمەندیشی نابێت، لەبەر ئەوەی هونەرمەندو نەتەوە یەکتری تەواو دەکەن بەگوێرەی تێڕوانینی بەن موزیک ڕەنجێکی زۆر دەخوازێت، ١٥ ساڵ لەمەوبەر دەرفەتەکان زۆر کەمبوون. ئەوکاتەی ئاهەنگێک سازدەکرا یاخود هەڵپەڕکێیەک ڕێکدەخرا، لەبەر کەمیی ئامێرەکان گرفتی زۆر ڕوویاندەدا هەندێکجار تەنها بە سازێک ئەم ئاهەنگە بەڕێوەدەچوو هونەرمەندانی کورد زەحمەتییەکی زۆریان کێشا، بەڵام ئێستا ڕەوشەکە زۆر جیاوازە، گۆڕانکاری ئەرێنی سەریانهەڵداوە. سەمی بەن بەمشێوەیە بیردەکاتەوە کە مرۆڤ لە وڵاتی خۆی باشتر دەتوانێت خەبات بکات، هەروەها دەخوازێت موزیکی هاوچەرخ، هەموو جۆرەکانی موزیک تێکەڵ بەموزیکی بێت.

**بەشداری فیلمی کردووە**

هەروەها سەمی بەن ساڵێک بەر لە ئێستا بەشداریی فیلمێکی کردووە بەناوی (کۆیلە) ئەم فیلمە دەربارەی دیاردەی کوشتنی ژنانە لەسەر نامووس هەروەها بەشداریی فیلمەکانی دیکەی بەناوەکانی گۆر، کاری بێ کاران، کامپی ئاوارەکان کردووە.

**ئامادەکاری CD تازە دەکات**

سەمی بەن سەرپەرشیاری تیپی مزگینە سەرنجی کێشایە سەرناوی تیپەکەو گوتی ناوەکەی لەناوی شەهید مزگین وەرگیراوە. بەمشێوەیە ویستوومانە ناوی شەهید مزگینە بەرزو زیندوو ڕابگرین.

تا ئێستا تیپی مزگین ٣ ئەلبومیان دەرخستووە. تیپی مزگین ئێستا کار بۆ CD سێیەم دەکات، بۆ ئەمەش گۆرانییەکان ئامادەکراوە. بەشی زۆر گۆرانییەکان بەزاراوەی زازایی و کرمانجی سەرووە.

خانمە دەرهێنەری سینەمایی کورد ئاینوور ئۆزبەکر

# ئەوکاتەی پاپۆڕەکان دەبینم دیمەنی کرێکارە مردووەکانم دێتەوە یاد



دیارنامە

لەماوەی رابردوو لە کەناری خوێین (شۆرەکان) مردنی کرێکارەکان روو لەزیادبوونە، ئەمەش بووەتە مژاری رۆژانەی چاپەمەنی.
لەبەرامبەر مردنی کرێکارەکان حکومەت بێدەنگ ماوەو هیچ هەوڵێک نادات، هاوکات کەسانێ دەخوازن ئەم بێدەنگییە بشکێنن، لە سینەمای (بەکساف) ئاینوور ئۆزبەکر دەربارەی ژیانی کرێکارانی شۆرەکان بەڵگە فیلمێکی بەناوی (گۆڕستانی بەندەران) ئامادەکردووە.
ئەم بەڵگە فیلمە وێڕای نیشاندانی چیرۆکی غەمگینی ئەم کرێکارانە بەگشتی خۆی لە ٣٥ خولەک کۆکردۆتەوە.
یەکێک لە کرێکارەکان دەڵێت: بەهیچ شێوەیەک ژیانم پارێزراو نییە. نموونە من لە خوارەوە کاردەکەم، راستەوخۆ یەکێکی دیکە لەسەرووی منەوەو یەکێکی دیکە لە خوار منەوە کاردەکات، زۆر لەوە نزیکم ساجێک بکەوێت بەسەرمندا، یەکێکی دیکە دەڵێت: مووچەکانمان بەرێکوپێکی پێنادرێت، نیوەمان دەدرێتی نیوەکەی دیکە بۆ مانگی داهاتوو دوادەخەن، بۆ ئەوەی دەست لەم کارە بەرنەدەین.
کرێکارێکی دیکەش بەمشێوەیە باس لە گرفتەکانی خۆی دەکات: ماوەی سێ مانگ دەبێت ناتوانم کاربکەم، حیسابی بانکی تایبەت بەخۆم وەکو خۆیەتی.
کرێکارێکی دیکەش گرفتەکانی خۆی بەمشێوەیە باسدەکات: ئەوکاتەی بەیانیان لەماڵ دێینە دەرەوە خواحافیزی لە ماڵەوە دەکەین، لەبەرئەوەی بەئاشکرا دەڵێم لەوانەیە لەهەر دەقیقەیەکدا ژیان لەدەستبدەین و نەگەڕێینەوە ماڵەوە.
فیلمەکە لەگەڵ ئەوەی دیمەنی ئەو خێزانانە نیشاندەدات کە قوربانییان داوە، تێڕوانینی یاساناس و سەندیکا بەبینەران دەگەیەنێت، هەروەها لەگەڵ دیمەنی دیکە کە بەزەحمەتی بەدەستی خستوون، دەربارەی ئەم بەڵگە فیلمە دیدارێکمان لەگەڵ دەرهێنەر (ئاینوور ئۆزبەکر) رێکخست.

*** بیرۆکەی ئەم فیلمە لەکوێوە سەریهەڵدا؟**

– من کەشتییەکانم خۆشدەوێت، ئەو کاتەی دەستم کامێرەی گرتووە هەوڵمداوە وێنەی کەشتی جوان بگرم، بەڵام ئێستا وێنەی کەشتی جوان ناگرم، ئەوکاتەی ناوچەکانی (شۆرەکات)م بینی، نە کەشتی جوان، بەڵکو ئەو ژنانەی کە پیاوەکانیان لەدەستداوە، ئەو منداڵە بێ باوکانە مردنی کرێکارەکانم دێتەوە پێش چاو.

*** لە شۆرەکاتەوە ئێوە دەستتان بەوێنەگرتنی بەڵگە فیلمەکە کرد؟**

– بەگشتی ماوەی سێ ساڵ دەبێت سەردانی شۆرەکات دەکەم، بەتایبەتی لە ماوەی پێنج مانگ دەبێت هەموو کاتم بۆ تەرخانکردووە لەکاتی هەر چالاکی و بەرخودانێک ئێمە لەوێدا ئامادەبووین، بەتایبەتی لەبەرئەوەی لەماوەی پێنج مانگی رابردوو مردنی کرێکارەکانم رووی لەزیادیکرد هاتوچۆمان زیاتر بوو، لەگەڵ کرێکارەکان قسەمان کرد، بەڵام چوون بۆ نێو شوێنەکانی کارکردن کارێکی زەحمەت بوو، رێگا نادەن چاپەمەنی بچێتە ئەم شوێنانە، هەموو کارەساتەکان لە ناوەوە روو دەدەن.

*** بەڕای ئێوە هۆکاری مردنی ئەو کرێکارانە چییە؟**

– ناوچەی کەناری خوێین بۆ خاوەن سەرمایەکان بەهەشتێکی گەورەیە، بۆ کرێکارانیش دۆزەخە، هۆکاری مردنی کرێکاران دەگەڕێتەوە بۆ: پاراستنی ژیانیان نییە (بیمە) بە گوێرەی جۆری کارکردنەکە جلوبەرگ و کلاو بەکارناهێنن، یاخود خاوەن کارگەکان بۆیان دابین ناکەن، بۆ نموونە کرێکارێک دەڵێت: ئەو ئەسکەلەیەی کە دروستیدەکەن پێویستە قایمتر بێت، یاخود دەبینین کرێکارێک کارەبا لێیداوە، پێشتر وایەرەکان زۆر کۆن بوون لەبەرئەمەش کارەسات روودەدات، کرێکارەکان دەڵێن: ئەگەر پێداویستی کارکردنمان بۆ دابینکەن مردن نامێنێ.

*** ئەم کرێکارانە زیاتر خەڵکی چ هەرێمێکن؟**

– زیاتر خەڵکی روها، مەرەش، عەنتاب، بەشی زۆریان کوردن.

*** ژمارەی مردووان کە لە راگەیاندنەکان باسکراوە تا چ رادەیەک لەڕاستی نزیکە؟**

– لەساڵی ٢٠٠٨ من لەو بڕوایەدام (١٠) کرێکار لەیەک رووداو گیانیان لەدەستدا، تا ئێستا بەگشتی (٩٦) کرێکار مردوون، بەڵام ئەم ژمارەیە راست نییە، کەس ژمارەی راستەقینە نازانێ، کرێکارکان خۆیان دەڵێن: ژمارەی مردووان زیاترە، لەبەرئەوەی لە تەنیشت من کرێکارێک گیان لەدەست بدات، لەلای کەس باسی ناکەم، چونکە ئەگەر باس بکەم لەکارەکەم دوورم دەخەنەوە، یاخود خێزانی مردووەکە لای کەس باسی ناکات بەپارە بێدەنگیان دەکەن، لەبەرئەوەش ژمارەی راستەقینە نازانرێ.

# کورخانەیەک بۆ تواندنەوەی مرۆڤ



بەهێز نامق عەلی
هۆڵەندا- درۆنتن

هەمووومان دەزانین جەنگی جیهانی دووەم لەسەر دەستی هیتلەری ئەڵمانی بە نەژاد نەمساوی دروستبوو، بەخەونی ئەوەی کە هەموو ئەوروپاو دنیاش بخاتە ژێردەستی خۆی و داگیری بکات.

دیارە هەندێ دەوڵەت بەبێ شەڕ کەوتە ژێر چڕنووکی هیتلەر، هەندێکیش بەشەڕ داگیرکرا پاش وێرانەییەکی زۆر هەندێکیش بەهەموو شێوەیەک مقاوەمەتیان کردو لە رووبەڕووبوونەوە بەردەوام بوون، دواتر روسیا بەسەرکردایەتی (ستالین) پەلامارو هێرشە یەک لەدوای یەکەکانی دامرکاندەوە، بەشێکی زۆری هۆڵەندا لەم جەنگە وێران و کاول بوو زەرەرێکی زۆر لە هۆڵەندا کەوت تایبەت شارێکی گەورەی وەکو (رۆتردام) کە بە تەواوی وێران بوو و هەموو شتە جوانەکانی ئەم شارە وێران بوو لە نەتیجەی مقاوەمەت و رووبەڕووبوونەوە، بەڵام (دانهاخ)بێ شەڕ کەوتە ژێر چەپۆکی نازییەکان.

بۆیە رۆتردام بەشێوەیەکی نوێ لە هەموو روو و لایەنەکی هونەریی و بیناسازی دروستکرایتەوە، لە هۆڵەندا بەتایبەت لە (رۆتردام) جوولەکەی زۆر تێدایە، هیتلەر بۆ تۆڵەسەندنەوە لە جولەکەکان لەوێش فڕنێکی دروستکردبوو بۆ سوورکردنەوەو تواندنەوەی جولەکەکان.

ئێستاش بۆ یادکردنەوەو رێزگرتن لە قوربانییەکانی ئەم کارەساتە کە بەسەر جولەکەکان هات، لەناو پارکێکی گەورە (مۆنۆمێنتێکی) شایستە دروستکراوە لەسەر شێوەی (فڕن)ێک کە بە بەردەوامی دەسووتێ و بڕە بڕی ئاگری لێدێ هەریەکێک لەوێ رەتبێ گوێی لە دەنگی بڕەی ئاگرەکە دەبێ.

ئەم فڕنییە لە نزیک هەردوو مۆزەخانەی (رایکس)و فانۆکۆفە هەر کەسێ سەیری ئەو دوو مۆزەخانە بکات، دەبێ سەیری ئەو مۆنۆمێنتە بکات، هەروەها ئەگەر سەیری شاری (درۆنت) بکەی بەهەمان شێوە ئاسەواری جەنگی تیادیارە، لەبەردەم شارەوانی ئەم شارە پەروانەی کەشتییەکی گەورە وەکو پەیکەر دانراوە کە بۆ گێڕانەوەی یادگارییە ناخۆشەکانی شەڕەکە جگە لە وێرانکاری و ماڵوێرانی هیچی دیکە نییە، ئەم پەروانەیە پەروانەی یەک لە کەشتییە زەبەلاحەکانی نازییەکان بووە.





# شانۆگەریا (چیروکا باپیری) ل دهۆکێ

**رفعت رجب/ دهوک**

ل رۆژێن (شەمبی و ئێک شەمبی رێکەفتی- ٣٠و٣١ /٢٠٠٨/٨/)ێ تیپا حەلەبجچە یا هونەری ل دهۆکی شانۆگەریا (چیروکا باپیری) پێشکێش کر ل هولا محەمەد عارفێ جزیری ل دەم ژمێر (٦)ێ ئێڤاری،
ژنڤێسینا/ عصام محەمەد عەلی و ژ وەرگێرانا/ نیهاد سعدالله
و ژ دەرهێنانا/ ئەحمەد مشەختی
شانۆگەریا (چیروکا باپیری) شانۆگەریەکا زاروکابوو و ماوەی وێ (٢٥) دەقیقە بوون و ب زمانێ کوردی بوو.
و ناڤەروک و بابەتێ ڤێ شانۆگەریێ دگرێدای بوون ب پەروەردەکرنا زاروک و قوتابیا ڤەو هەژمارەکا باش ژ ئامۆژگارێن ب مفاتێدا هاتنە دیارکرن مینا فیرکردنێ- چەوانیا دەربازبونا شەقاما ب رێکا یاساییێن هاتن و چوونێ و ل دویف رەنگاو هەروەسا رەوشتێن قوتابێن زیرەک و رەفتارا وان دگەل کەس و کارێن ل دەورو بەرێن وان دژین و هەروەسا دگەل ئاژەلا و مفایێن وان و دەسپێکرنا سەرێ سالاخاندنێ و چەندین ئاموژگارێن دی یێن ساخلەمیێ ژ بو ساخیێ کو فەرە بۆ زراروکا و قوتابیا بێنە گوتن و پێ بینە هشیارکرن.

و فەرە بێژین کویا خوش ئەو بو بەهرا پتر ژ بینەرێ شانۆگەریێ زاروک و قوتابی بوون و ب دیتنا من فەرە ئەم ب چاڤەکێ هەژی و ب بەردەوامی پالپشیا شانۆ وا زاروکا و بابەتێن وان یێن تایبەت بکەین چونکی جیهانا زاروکا جیهانەکا تایبەت و بەرفرەهە.
ول ڤێرێ دەستخوشیێ ل تیپا حەلەبچە د کەین و کۆماکارێ شانۆگەریێ و دەرهێنەری و وان زاروک و ئەکتەرێن شیاین ب زیرەکانە ڤێ شانۆگەریێ پێشکێش بکەن و خوشیەکێ ب دەنە بینەری، دەهێنەرێ شانۆگەریێ تارادەیەکێ شیابوو ب هاریکاریا دیکورو و موزیکێ و ئێکسوارات و جل و بەرگا و روناهیێ ڤێ شانۆگەریێ ب باشی بیننە پێش کو هەمی دکاریگەر بوون دگەل رویدان و ناڤەروکا وان، ئەڤەو رێدەباری ب کارئینانا چەند سترانێت زاروکا ب ئاوازێن سڤک یێن کود نێزیکێ زارو کانە مینا سترانا (کەپروکێ) و ب ڤاکرنا خانی یەکی بو باپیری و گێرانا ئاهەنگەکێ ب هەلکەفتا جەژنا بونا باپیری و ب دەست قوتانا زاروکێن بینەر شانۆگەری ب دوماهیک هات کو ژ لایێ ڤان هەڤالا ڤە وەک ئەکتەر هاتبوو زارڤەکرن.
(نشوان محەمەد سالح- دژوار سلمان- هەرێم عوسمان- هەرمان هاشم- سولین دلوڤان- ئاری بلند محەمەد- هاڤی بلند محەمەد)
و کارێن هونەری یێن شانۆگەریێ ژ لایێ ڤان هەڤالا ڤەهاتبونە ئەنجام دان
رێڤەبەرێ بەرهەمی/ عادل حسن
هاریکارێ دەرهێنەری/ هرمان هاشم
رێڤەبەرێ شانۆیێ/ دلۆڤان ئەحمەد
هاریکارێ رێڤەبەرێ شانۆیێ/ ئەکرەم یەعقوب فەتاح
دیکور/ هشیار فەیسەل- عبدولرحمن محەمەد سالح- ئەحمەد حاجی
موزیکە/ دیدار مستەفا
جل و بەرگ/ ڤمان ئیسمایل
روناهی/ رابین- سدیق محەمەد
میکاژ/ ئاوار حسن
پوستەر و ڤولدەر/ هشیار فەیسەل
راگەهاندن/ بیرهات دهام- ئەکرن یەعقوب فەتاح

له دوماهیکێ دێ بێژین بلا ئەم هەمی پێکڤە د هاریکار و پشتەڤان بین ژ بو شانۆوا زاروکان و داخازا دانانا بنگەهێن تایبەت یێن شانۆوا زاروکا د کەین ژ لایەنێن بەرپرس و ژحکومەتا هەرێما کوردستانێ.
دگەل سەرکەفتنێ بو هەمی پشتەڤان و هاریکارا.

